کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
12-4-2007 22:58بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دکتور بەرهەم لە بەغداوە بو بەغدا ... ئامانج حسین

چۆن شەری ساردلە نێوان سۆڤیەتی جاران ئەمریکادا زور دەوڵەتی دەکردە ژێر سیاسەتی چەپاندنی دوو لایەنانەی خۆیەوە، کە ئەو کات بیەرژەوەندی هاوبەش هەبو نەك خاوەن ماف و بی ماف، ئاواش شەری براکوژی زۆر جوامێری لە ناو برد و زۆرێکی تریشی لە مسافیرەکانی ئەوروپاو ئەمریکای کردە دیپلومات خاوەن سیاسەتی نێو دەوڵەتی ی پیاوی ناوداری گەلەکەمان کە یەکێك لەو دپلوماتانە کە هاتە سەر حازری د بەرهەم صالحە کە لە بەغدا زانکۆ تەواو دەکات پاش چونە دەرەوەی دەگەرێتەوە بۆ بەغداد، ئەمرۆ لە بەغدا لە سەر حسابی بەدبەختی کوردان خاوەن بەلێندەریەتی جیهانی یەو گەورە بازرگانەکانی کوردستان لە ناو کایەی دەسەڵاتدا ئێمە بە گەندەڵیان دەزانین بە تۆزەی پی ی ناگات، ئەوەی جێگای دڵتەنگی و گریانە بۆ ئەو نوێنەرایەتی یە هاوپەیمانی کوردی ناردویەتی یە بەغدا ئەوەیە د بەرهەمی ناودار و زمان زان و دیپلومات لە بەر بەرژەوەندی یەکانی خۆی و خەرێکی کاسبی کردنەو هەرچی خەمێك کورد هەیبی لە پەیوەندی وهەرێمی کوردستان و بەغداد، کێشەی بودجە، یاسای نەوت، بە مادەی 140 یشەوە کە د بەرهەم لەو بەرنامە خۆی لێدزی یەوە، د بەرهەم نیەتی و لە سەر کاسبی کردن سەری لی خەواندوە خۆی بە خاوەنی هیچ یەکێك لەو کێشانە نازانێت...

لە کەناڵی العەرەبی یە لە بەرنامەی من العراق د بەرهەم میوان بوو هێند کزو مەئیوسانە هاتە بەرچاو خەریك بوو گومان لە ئەو بەرنامەیە بکەم تا بۆ رون بوەوە د بەرهەم ئەمرۆ لە بەرەی مالیکی و بەرژەوەندی یە بازرگانی یەکانی خۆی و هێندێك لەو لێپرسراوانەی بەغدایە گەندەڵی لە رێگەی د بەرهەم گرتوینیەتیەوە..

من پێم وابوولەو بەرنامەیەدا ئێستا د بەرهەم وەك کەسایەتی یەکی بە ناو بانگ مادەی 140 دەداتە بەر شرۆڤەیەکی سیاسی و لە ئان و ساتێکدا راستی یەکان بە زمانی رۆشنبیری سیاسی خۆی رون دەکاتەوە..

ئێمە لە کوردستان توشی سەرسورمان دەبین تێناگەین ئەم عیراق چیتیە چی یە بەرهەم صالح و هێندێك لە لێپرساوە کوردەکان دەستیان پی داوە، تا بینە قاقایان لە ناو بەرژەوەندی یە نەوتی سامانی یەکاندا غەرقەو هیچ هەڵوێستێکی کوردانە بزاوتێك ناخاتە نێو رۆحی نەبونی ئەو نەتەوە خوازی یە ئەمرۆ کورد شانازی پێوە دەکات تا گەیشتن بەو ئامانج و سەرکەوتنانە کە هەمیشە لە بیرو ئەندێشەماندایە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.